# پشگیری کردن له مەریوان هەڵە بجەیی کاری بەرەی ئازادیخوازانە !
# پێش مەرجی بنیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگرەوی ئازادی بیروراو ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتندایە !

مەریوان هەڵەبجەی یەکێك لە ڕۆشنبیرانی ناسراوی کوردستانە کە ماوەی چەند مانگیك لەمەوبەر کتێبیکی بەناوی (سێکس، شەرع، ژن لە ئیسلام) ەوە بڵاوکردەوە کە تیدا تێگەیشتن ولێکدانەوەی خۆی بەیان کردوە سەبارەت بە هەندێك مەسەلەی وەك سێکسبازی لەسەرەتاکانی ئاینی ئیسلامدا، سێکسبازی لەدوای دەرکەوتنی ئیسلام، ڕەفتارو پاڵنەرە سێکسیەکان لە شەریعەتی ئیسلام و ... چەند تەوەرێکی تری لەو چەشنە. بەڵام ئەمە زۆری نەبرد بووە هۆی هێرشکردنێکی زۆر بەرفراوانی ئیسلامیەکان لە کوردستان و بەتایبەت یەکێتی زانایانی ئاینی هەلەبجە دژ بەکەسایەتی مەریوان هەلەبجەی وەك خاوەنی ئەو بەرهەمە . ئەوە بوو سەرەتا یەکێتی زانایانی ئاینی هەلەبجە نامەیەکیان بۆ(سەرۆك کۆمارو سەرۆك هەرێم) ناردو داوای لێپرسینەوەو سزادانی مەریوان هەلەبجەیان کرد بەپێی مادەی 272 یاسای سزادانی بەعس، داواتر دەیان مزگەوتی شاری هەڵەبجەی شەهیدو شارەزور وسلێمانی خوتبەی جومعەیان لەسەر ئەم کتێبە داو فتوای سزادانی مەریوانیان دا ! ئەمە لەکاتیکدابوو کەبەشێکی زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبە ئیسلامی یەکان بە تەواوی مانا خرابوونە خزمەت ئامانجەکانی ئەو کەمپەینەی کەدژی مەریوان هەڵەبجەی بەرپا کرابوو. وە ئێستە بەکردەوە ماوەی سیٚ هەفتەیە مەریوان وخێزانەکەی لە کوردستان لەبەردەم مەترسی هەڕەشەو هەڵویستی ئیرهابیانەدا ناچاربوون کە بەنهێنی ژیان بەسەربەرن . هەموو ئەمانە لە کاتیکدایە کە بەداخەوە دەزگاکانی ئاسایش وحزب وحکومەتەکەی یەکیەتی نیشتمانی هیچ جۆرە لیپرسینەوەیەکی لەبارەی ژیان وچارەنووسی مەریوان هەلەبجەیەوە لەئەستۆ نەگرتوەو بۆیە ڕۆژبەڕۆژ هێرش وپەلاماردانەکانی ئیسلامیەکان بۆ سەر مەریوان زیاتر لەفراوان بوونەوەدایە !

**ئازادیخوازان , خەڵکی شەرافەتمەندی کوردستان**

هەڕەشەو گوڕەشەی ئیسلامیەکان بۆ سەر مەریوان هەڵەبجەیی هێمایەکی گەورەترە بۆ دژایەتی کردنی ئەم لایەنانە دژ بەئازادی بیوڕا دەبرین وئازادی بەیان و ڕەخنە گرتن. ئەم هەنگاوە سەرەتایەکە بۆ لەخوێن هەڵکێشانی بەرەی ئازادیخوازان کە ئەمڕۆ تیرۆری شەخسی مەریوان هەڵەبجەی کراوەتە ئەڵقەی نمایشکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئازادی بیوڕاوڕەخنەگرتن. بۆیە بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراو کۆڕوکۆمەڵ وکەسانێك دەکەین دژ بەم پیلانانەی لایەنە ئیسلامیەکان ڕاوەستنەوەو لەپێناو داکۆکیکردن لە مەریوان هەڵەبجەی، لە پێناو داکۆکیکردن لە ئازادی بیوڕا دەربرین وئازادی بەیان و ڕەخنەگرتن دەنگ هەڵبڕن تا بەگرێدانەوەی خەباتمان ڕێگە نەدەین لایەنە ئیسلامیەکان کوردستان بکەنە لانکەی پیادەکردنی سیاسەتە دژی ئینسانی یەکانیان.

بۆیە ئێمە وەك ئەو کۆمیتەو لایەنانەی خوارەوە ناومان هاتووە لە سونگەی بڕوابوون و داکۆکی کردنمان لە ئازادی بیوڕادەبرین و ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتنەوە ڕایدەگەیەنین کە :

1- ئازادی بیوڕادەربرین ئازادی بەیان و رەخنەگرتن بەیەکێك لە بنەما سەرەکی یەکانی هەر کۆمەڵگایەکی تەندروست دارو مەدەنی دەزانین و هەر لەمروانگەشەوە بەمافی بیٚ ئەملاولای هەر تاك وڕێکخراو لایەنێکی ئەزانین کە ممارەسەی ئەم مافە سەرەتاییەی خۆی بکات .

2- هەر لەم ڕوانگەشەوە کەمپەینو فەتوای یەکێتی زانایانی ئیسلامیو هەڕەشەی تیرۆریستانەی ئیسلامیەکان، هێرشێکی بەرچاوو ڕۆشنە بۆ سەر ئازادیو گیانی مەریوان هەڵەبجەییو تەواوی ئازادیخوازان. ئەو کارە بە کردەوە هەڵخڕاندنی خەڵکە بۆ تیرۆری مەریوان هەڵەبجەییو هەر دەنگێکی ڕەخنەگر لە ئیسلامو ئەوەش جیاواز لەوەی کە ڕێگرتنە بە ئازادی بیوراو ئازدی بەیان و ڕەخنەگرتن ، هەروەها تاوانێکیشەو هەرچی بەشدار بیٚ لەو کەمپەینو فەتوا دانەدا بەشداری هەمان تاوانەو ئەبیٚ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

ئێمە بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراو نیهادو ئۆرگان و لایەن وکەسانێك دەکەین بۆ پشتگیری کردن لە مەریوان هەلەبجەی و لەو داخوازیانەی سەرەوە ئیمزای خۆیان بدەن لەم فۆرمەو دەنگی نارەزایەتی دەربرینی خۆیان دژ بە هەڕەشەو فتوای ئیسلامی یەکان دژ بە مەریوان هەڵەبجەی دەربرن !

- کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپیەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال
- کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی بیورادەربرین لە نەرویج

- کۆمیتەی دیفاع لە ئازادی سیاسی و ئازادی رادەربرین لەئەلمانیا
- رادیۆ هاوپشتی
- کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال دەستەی سەرپەشتیار

**بژی ئازادی بیرورا دەبرین بژی ئازادی بەیان و ڕەخنە گرتن**

2006 /2/8

**بەم ئیمەیلە نامەی پشگیریەکانی خۆتان بنێرن !**

kampini_mariwanh@yahoo.com

| ناو | پیشه ، ئارەزوو | بەروار | وولات |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |